کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 1:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە کەرکوک یەکێتی بۆ وا دەکات؟ ... هێمن کامیل- کەرکوک**

هەر کەسێك ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم و دیاریکراویش بێت لە کەرکوکدا ژیابێت ئەوەی بۆ دەرکەوتوە کە لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا یەکێتی گەورەترین وزۆرترین و فراوانترین پێگەی جەماوەری لە م شارەدا هەبوە، بەڵام لە دوای نیسانی 2003ەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی جەماوەری یەکێتی لە کەرکوکدا ڕوو لە داکشانە ویەکێتی نەك نەیتوانی پەرە بە پێگە جەماوەرییەکەی بدات بەڵکو نەیتوانی پارێزگاریشی لێبکات وئەدای کارکردنی ئیداری وحیزبی یەکێتی لە کەرکوکدا بە ئاڕاستەو شێوازێك بوە کە بوە بە هۆی دورکەوتنەوەی ئەم حیزبە لە خەڵك وجەماوەرەکەی. تا ڕادەیەك بۆ حیزبەکانی تر ئاسایی بوو کە بێگوێدانە بەرژەوەندی شارەکەو دانیشتوانەکەی بەو شێوەیە مامەڵەیان بکردایە، بەڵام بۆ یەکێتی هەر گیز ئەو جۆرە مامەڵە کردنە تەندروست نەبوو تەنانەت یەکێتی دەبوو لە دانانی بچوکترین کادری حیزبی وئیداری لە هەر پۆست وپلەیەکدا زۆر ورد بوایە ئەو کەسانە خاوەنی هەموو ئەو خەسڵەت وسیفەت وپێوەرانە بونایە کە قۆناغی ئێستای کەرکوك پێویستێتی. دەبوو سەرکردایەتی ئەم حیزبە چاودێری بەردەوامی کاروبارەکانیانی بکردایەو لە سەر بچوکترین هەڵە وکەم تەرخەمی ئیداری وحیزبی ڕووبەڕووی گەورەترین لێپێچینەوەی بکردنایە. ئەو کاتەش جەماوەرەکەی توشی شۆك نەدەکرد، چونکە کوردی ئەم شارە گەورەترین چاوەڕوانیان لەم حیزبە هەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە. بەڵام لەوانەیە کەسانێك لە ناو ئەم حیزبەدا هەبوبێت سودی تایبەتی لەم جۆرە بارودۆخەی کەرکوك ویەکێتی وەرگرتبێت، جا ئیتر خەڵکی هەڵوێستی چی دەبێت ویەکێتی بەرەو کوی دەبات بۆ ئەو گرنگ نەبوە. هەربۆیە ئەو کەسانە هیچ کاتێك ڕاستگۆیانە، واقیعی شارەکەیان بۆ سەرووی خۆیان نەگەیاندوە وهەمیشە بەو جۆرە کاریان لە سەر کەرکوك کردوە کە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوەو سەرووی خۆیان پێ فریوداوە. بەڵام ئەگەر کەسێك هەبوبێت ئەوەی لە کەرکوکدا دەگوزەرێت. وەکو خۆی بیگەیەنێت وگوزارشتی لە واقیعی حاڵی شارەکە کردبێت، ئەوا توشی چەندین سەرئێشە وناڕەحەتی بوەتەوە، زۆر دڵنیام ئەگەر ئەو کەسانە لە کەرکوکدا بونیان نەبوایە ئەوا بارودۆخی کوردو یەکێتی وکەرکوك زۆر لە ئێستا خراپتر دەبوو. ئایندەی ئەم شارە مەترسی دارترو نارۆشنتر دەبوو. یەکێك لەو کەسانەی کە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە توانیوێتی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت نوسەرو ڕۆژنامەنوس " عارف قوربانی"ە کە هێندەی پێیکرابێت لە ڕیگەی پێنوسەکەیەوە توانوێتی بەشێك لە ئازاروخەمەکانی خەڵکی ئەم شارە بەش مەینەتە بگەیەنێت. بەمەش ئەو نوسەر و ڕۆژنامە نوسە بوو بە خۆشەویستی هەموو کوردێکی دڵسۆزی کەرکوك. ئەمە جگە لەوەی ڕەخنەکانی کاك عارف لە سود و بەرژەوەندی ئەو حیزبەشدا بوە کە خۆی تیایدا ئەندام بووە. چونکە کەسی هەلپەرست و نادڵسۆز لە پێناوی کورسیەکەیدا، نەك ئامادە نیە ڕەخنە بگرێت بەڵکو ڕاستیەکانش ئاوەژو دەکاتەوەو بەو شێوەیە دایدەڕێژێتەوە کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێدایە. چونکە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ئەگەر هەموو کادرێکی حیزبی عارف ئاسا ئەرکەکەی لە بەرامبەر کەرکوك بە جێبهێنایە"سەرکەوتوو لە ئەرك وبوارەکەی خۆیداو چاودێر بە سەر کەموکورییەکانەوە" ئەمرۆ نە خەڵکی کەرکوك لە ژیانێکی پڕ لە مەرگە ساتدا ژیانیان بەسەر دەبرد. نە یەکێتی ئەو سەرمایە گرنگەی لە دەست دەدا کە جەماوەرەکەی بوو. کە لەم شارەدا ڕە گ وریشەی قوڵی داکوتابوو تەنانەت بەعس نەیتوانی بەم دەردەی ئێستای ببات و ئەو کەلێن و بۆشاییە بخاتە ناویەکێتی وکوردی ئەم شارە. من بۆ خۆم ڕۆژانە چەندین گەنجی کورد لەم شارەدا دەدوێنم بە هۆی ئەو ڕوو داوە نە خوازراو نەشیاوانەی لەم شارەدا بە چاوی خۆی دەیبینێت. "کەسانی وەك کاك عارف کەم تازۆر وەك ڕاستیەك خستویانەتە ڕوو" نەك هەر خۆشەویستی وئینتمای بۆ حیزب وخوێنی شەهیدان وخەباتی ڕابردوو نەماوە بەڵکو دژی ئەوەشە شارەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرێمی کوردستان. نەدەبوو دەیان ساڵی دیکە ئەم بۆچونە لە ناو کوردی ئەم شارەدا دروست بوایە. من نازانم ئەگەر کەسێك هەبێت باس لە واقیعێك بکات کە بە هۆی کەم تەرخەمیو بێپلانی وبی بەرنامەیی و هەڵەَ بەردەوامەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە لەم شارەدا دروست بوەو هەروەهاخستنە ڕووی ئەو مەترسیانەی کە ئایندەی ئەم شارەو خەڵکەکەی چاوەڕوانی دەکات لە سایەی ئەو سیاسەتە ی لە بەرامبەر ئەم شارە پەیڕەودەکرێت. کەچی بخرێتە بەر لێپێچینەوەو لە بری دەست خۆشی لێکردن وبەرزنرخاندنی بوێریی ودڵسۆزی وخەمخۆری وڕاستگۆییەکەی هەموو پۆست وپلەیەکی لێدەسەنرێتەوەو پاداشتەکەی بەو شێوەیە بدرێتەوە کە جگە لە دوژمنانی کوردو کەرکوك ویەکێتی هیچ کەسێکی تر سودی لی نابینێت وپێی خۆشحاڵ نابێت. نازانم یەکێتی لە کەرکوك بۆ وا دەکات ئەگەر هێندە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی حیزبیەوە نەیڕوانایەتە دۆزی کەرکوك هەرگیز هەڵوێستی لەم جۆرەی لە بەرامبەر کەسێکی وەك" عارف قوربانی"دا نەدەنواند کە لەم بارودۆخە هەستیاروچارەنوسازو ناسکەی ئەم شارەدا کەسانی لەم جۆرەزیاترلە هەر کاتێکی تر زۆر پێویستن، لە هەمووی کارەساتر یەکێتی بە دورخستنەوەی ئەم کەسانە بۆشاییەك دروست دەکات کە توانای پڕکردنەوەی نیە. چونکە ئێمەی دانیشتوی ئەم شارە دەزانین لە دوای لە ناوچونی بەعسەوە و ئازادبونی ئەم شارە.

بیرکردنەوە و نوسینەکانی کەسانی وەك کاك عارف چەند خزمەتی کوردستانێتی کەرکوکی کردوە. کورد لە کەرکوکدا تەنها خاوەنی یەك تەلەفزیۆنی باش و سەرکەوتوە ئەویش تەلەفزیۆنی کەرکوکی یەکێتیە. کە کاك عارف بەرپرسی یەکەمی بووە کە ئەو تەلەفزیونە سەرەڕای کەموکوڕییەکانی توانیبوی ببی بە جێگەی ڕەزامەندیی بەشی زۆری پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە وئەو کەسانەش کە بە میوانی دەهاتنە ئەم شارە دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە. هەر بۆیە کاتێك کادرێکی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی سەردانی کەرکوکی کردبوو وتوبوی دەبوایە یەکێتی، کەرکوك تیڤی بکردایە بە ئاسمانی نەك تەلە فزیۆنی گەلی کوردستان. تەنانەت هیچ تەلەفزیوێنێکی تری یەکێتی لە شارێکی تەواو کوردنشیدا نەیتوانیوە ئەو سەروەرییە بۆ خۆی تۆماربکات. ئەو تەلەفزیۆنە گەورەترین و زۆرترین کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەی شۆڤێنانەی زۆر لایەن وحیزب وگروپی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوك بە تایبەتی گۆڕانی دیارو ئاشکرا لە بۆچون وعەقڵێتی بەشێك لە تورکمانەکانی کەرکوك. ئەگەر کەسانێك سەرکەوتویی ئەو تەلەفزیۆنە بۆ ستراتیجی یەکێتی بگێڕنەوەو بیانەوێت لەم نێوەندەدا لە ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکەی کەم بکەنەوە ئەوا خۆ یەکێتی خاوەنی چەندین تەلەفزیۆنی ترە بۆ نەیتوانیوە بەو شێوەیە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. لە کاتێکدا لەوانەیە بودجەی زۆرترشی بۆ تەرخان کرابێت وگرنگی زیاتری پێدرابێت وکاردی باشتری بۆ دابینکرابێت وتەمەنێکی درێژترشی هەبوبێت. ڕاموایە یەکێتی بەم کارەی "دورخستنەوەی عارف قوربانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك" گەورەترین هەڵەی کرد وئەگەر بێتو پێیدا نەچێتەوەو هەوڵی ڕاستکردنەوەی نەدات. ئەوا کاریگەرییە خراپەکانی لە ئایندەدا دەردەکەوێت و پێش هەموو شت کەمتربونەوەی خۆشەویستی ئەم حیزبەیە لە ناو کوردی ئەم شارەدا. چونکە کات دەیسەلمێنێت کە تەلەفزیۆنی کەرکوك ناتوانێت لە سەر هەمان ڕەوت وئاست بەردەوام بێت وبمێنێتەوە کە تا ئێستا کاری لە سەرکردوە. هەر لە ئێستاوە هەست بە بەرەو لاوازبونی ئەو تەلەفزیۆنە دەکرێت وجگە لە زنجیرە درامای نیشتمان کە بینەرێکی زۆری هەیە کە ئەم تەلەفزیۆنە بەر لە کوردسات وخاك تیڤی دەستیکرد بە پێشکەشکردنی، ئیتر هیچ بەرنامەیەك لەم تەلەفزیۆنەوە پێشکەش نەکراوە کە ببێت بە مایەی سەرنج ڕاکێشانی بینەرێکی زۆر ئەمە لە کاتێکدا کارمەندێکی ئەو کەناڵە بۆیگێڕامەوە کە عارف قوربانی پلانێکی بە دەستەوە بوو بۆ پێشکەشکردنی جۆرێك لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرنامەی تایبەت کە ئەگەر لانەبرایە ئەوا بڕوام وایە لە کۆی ملیۆن وچارەکێکی دانیشتوانی کەرکوک بەشی زۆری دەبوو بە بینەری، هەروەك چۆن لە ڕابردوودا کاری لەم جۆرەمان کردبوو، ئەمە جگە لەوەی ئێستا تەلەفزیۆنێکی تری شارەکە بە سود وەرگرتن لەو قەیرانەی تەلەفزیۆنی کەرکوکی گرتۆتەوە، زیرەکانە کەوتۆتە خۆو دور نیە لە ماوەیەکی کورتدا جێگە بە تەلەفزیۆنی کەرکوك لێژ بکات و ڕووی بینەر بە لای خۆیدا ڕابکێشت چونکە لە هەندێك ڕووەوە دەیەوێت هەمان ڕەوتی تەلەفزیۆنی کەرکوك بگرێتە بەر. چونکە هەموومان شانازیمان دەکرد بەو تەلەفزیۆنەوە"کەرکوك تیڤی" کە سەرەڕای حیزبی بونی گیانی ڕەخنە گرتن و دەرخستنی دیاردە دزێوەکانی لە بیرنەکردبوو. سەرەڕای کوردبونی پێکهاتەکانی تری فەرامۆش نەکردبوو چەند شانازی بوو کاتێك بە ناوبازاڕدا گوزەرت دەکرد بە دەیان دووکانی خاوەن تورکمانت دەبینی سەرەڕای بوونی کەناڵێکی ئاسمانی وچەندین تەلەفزیۆنی ناوخۆیی تورکمانی لە شارەکەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفزیۆنەکەی لە سەر کەرکوك تیڤی بوو. چەند شانازی بوو تەلەفزیۆێنێکی کوردی هێندە چوبێتە ناوخەڵکەوە، تورکمانێك کاتێك پێشلکارییەکی لە بەرامبەر کراوە سکاڵای خۆی هێنابێتە ئەم تەلەفزیۆنە. چەند شانازیە زیاتر لە 70%ی ئاڵۆزترین وجۆراوجۆرترین شاری وڵاتەکەت بینەری تەلەفزیوێنێك بن کە کورد بەڕێوەی ببات. لە یەکێتی دەپرسم کام دەزگای یەکێتی توانوێیەتی لە کەرکوکدا ئەمە بکات. لە خۆڕا نیە دوای ئەوەی هەواڵی لە سەر کارلا بردنی ئەم کادرو نوسەرو ڕۆژنامەنوسە لە کەناڵە کانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە هێندەی بۆ خەڵکی دڵسۆزی ئەم شارە نائاسایی بوو کە تەنانەت کەرکوکیەکانی دەرەوەی وڵاتیش دەیانەوێت هەڵوێست لە بەرامبەر ئەم حیزبە وەربگرن. لە کاتێکدا ئەو کەسانە ئامادە نەبوون لە بەرامبەر هیچ نرخێکدا دەست بەرداری یەکێتی بن. هەموان ئەو ڕاستیە زۆر باش دەزانین کە دوژمنانی کورد لە چوار ساڵی ڕابردودا بەردەوام پیلانی یەك لە دوا یەکیان لە دژی ئەم شارە داڕشتوەو هەوڵیان داوە واقیعێك لە کەرکوکدا دروست بکەن کە سەر ئەنجام لە بەرژوەندی خۆیان وزیانی کورد بێت. بەڵام بە هۆی ئەوەی کەسێکی وەك کاك عارف بەرپرسە بوە لە ئاڕاستەکردنی عەقڵێتی تەلەفزیۆنی کەرکوك توانرا شکست بە بەشێك لەو پیلانانە بهێنرێت وکەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە ئەو تەلەفزیۆنە چی ڕۆلێکی گرنگی بینی لە دروست کردنی گیانی لێبوردەیی ویەکدی قبوڵکردن ونەمانی هەستیاری لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکەدا، کی هەیەئەو مەترسیانەی لە بیرچوبێتەوە کە سیساڵ بەر لە ئێستا لە کەرکوکدا هەبوو کە هەموو چرکەیەك چاوەڕوانی ڕوودانیمان دەکرد. بەڵام خۆشبەختانە توانرا ئەو مەترسیە لە ترۆپك و لوتکەوە بۆ ئاستێك بهێنرێتە خوارەوە کە جێگەی دڵخۆشی بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو تەلەفزیۆنە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ نەگرتایە ئەوا دەریایەك خوێن لەم شارەدا هەڵدەستا. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نیە بە پوچەڵکردنەوەی ئەو بۆمبە چێنراوە دوژمنان وازیان لە پیلانەکانیان هێنابێت بەڵکو لە ڕێگەی ترو شێوازی تر هەوڵیان داوە ژیان لەم شارەدا بکەن بە دۆزەخ. ئەمە جگە لەوەی بە هۆی ئەو واقیعەی لەم شارەدا دروست بوە خەون وهیواکانی کورد بە سەرکردایەتیە سیاسیەکەی تەواو بەرەو کاڵبونەوە چوە. ئەگەر کەسانێکی وەك کاك عارف دەنگی بۆ هەڵنەبڕن وهاواری بۆ نەکەن کی بیکات. ئەو بەرپرسە دەیکات کە لە بەرامبەر دەستکەوتی ماددیدا گەورەترین تیرۆریست بەڕەڵا دەکات. ئەو بەر پرسەی دوو ساڵا ناهێڵێت ئامێری کۆنترۆڵ و ڕێگرتن لە کاری تیرۆرستی لە شاری کەرکوك بکەوێتە کار، ئەو بەرپرسەی دوای تەواوبوونی دەوامەکەی کەرکوك بە جێدەهێڵێت، ئەو بەرپرسانەی لە خراپترین هەل ومەرجی شارەکەیانە گەشت وگەڕانیان بۆ ئەوروپا وشەرم شێخ دوا ناخەن، ئەو بەرپرسانەی کە چوار ساڵا ئاگایان لە 60% شارەکەیان نیە وبۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکجاریش سەردانی ئەو بەشەی شارەکەیان نەکردووە، ئەو بەرپرسانەی بەر لە ئازادبوونی کەرکوک لە نزمترین ئاستی ئابوریدا بوونو ئێستا خاوەنی ملیوێنان دۆلارن.
لام سەیرە ئەگەر یەکێتی تا ئێستاش بیرکردنەوەی لەو ئاستەدا بێت و بیەوێت سەرجەم ئەندام وکادرەکانی "بە بی لە بەرچاوگرتنی لایەنی ویژدانی وئەخلاقی و ڕۆشنبیریان " هەمان بیرکردنەوەی سالآنی سەرەتای نەوەدەکانیان هەبێت و ئەرکیان شاردنەوەی ڕاستیەکان بێت وبەری خۆریان بە بێژنگ پی بگرێت. ئەگەر ئەم هەڵوێستەی یەکێتی لە بەرامبەر عارف قوربانی ترسێك لە لای کەسانی تری ئەو حیزبە دروست بکات لە نەوتنی ڕاستیەکان ئەوا هەڵوێستی چی دەبێت لە بەرامبەر ئەو دەیان ڕۆشنبیرەی کە ئەمرۆ لە دەرەوەی حیزبەکانن وئەرکیان باسکردن ونوسین وخستنە ڕووی ئەو ڕاستیانەیە بۆ خەڵکی کە حیزبەکان دەیانەوێت بە شاراوەیی بمێنێتەوەو پەردەپۆشی بکەن.
ئەمرۆ بێزاری وبێمتمانەیی وتورەیی شەقامی کەرکوك لە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە لوتکەدایە و هیچ کوردێك نیە بەشێك لە مەرگەساتەکانی ئەمرۆی کەرکوك نەخاتە سەر شانی ئەو سەرکردایەتیە وئەگەر کەسانی وەك کاك عارف دەستیان نەخستایەتە سەر ئازارو برینەکانی ئەم شارەو ئەو ڕاستیانەیان بۆ ڕای گشتی وسەرکردایەتی سیاسی کورد ویەکێتی، نەخستبایەتە ڕوو ئەوا دڵنیام ئەمرۆ یان سبەی لە لایەن جەماوەرەوە بە شێوەو شێوازی دیکە گوزارشتی لێدەکراو ئەوکاتەش هەموان دەبوو باجەکەی بدەین ودوژمنانیش بۆ هەتاهەتایە دەیاندا بە ڕووی سەرکردەکانماندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.